# نان و فیشەك

سەلاح موهتەدی تاران 1967(1346)

یەك لەو هەموو كەوشە! بە قوربانی كرێوە بم ئەم گشت خەڵكەی لە مزگەوت خزاندووە. لە گەڵ كوێخا سجیل, باوەشێك هەوای سارد خۆی بە ژووریدا كرد. دەرگای مزگەوت ڕەش وچەور ولووس جیرەیەكی ویشك وپڕ قرچەی لێ هەستا ودیسان لە سەرما و گەرما بوو بە لەمبەر.

مام كوێخا كەوشی نوێت لێ مبارەك بێ.

فەقێ مەودای دەوركردنەوەكەی كورت كردەوە, كتێبەكەی پێكەوە نا و قامكی شادەی بۆكردە نێوپەڕی. دەستی بە كتێبەوە بە سینگەوە ناو لە بەر دەمی كوێخا چەقی!

خوا سلامەتت كا! لە مێژە كڕیومن.

وەدەرت نەخستبوون تا ئەمڕۆ. چەند جارم بۆ شار لە پێكردووەن. دیارە میرزاش لێرەیە. ئەوە سەعاتێكە من دەور دەكەمەوە, میرزاش دەپرێسێ.

كوێخا كەوشەكانی داكەند و بە سەر مەحجەریەكاندا شەقاوی هەڵێناوە بۆ ئەو دیو. فەقێ هەر واقامكی شادەی لە نێو پەڕی كتێبەكەدا بوو, لەم دیو مەحجەریەوە لە كەوش كەن ڕاوەستا بوو لە كەوشەكان خورد ببووە. كەوشی میرزا و كەوشی كوێخا لە پەنای یەك, قەیتاندار بوون . ڕەش, ئەوانی دی هەموو كەوشی جیر بوون, لە هەوەڵێرا ڕەنگیان سووریكی خەنەیی بووە, بەڵام ئێستا تۆزی هاوین وبارانی زستان وشیاكەی تەویلە, ڕەنگی هێناونەتە سەر قاوەیی یەكی توند مەیلە و شین! مەیلەو ڕەش! چاوی بە كەوشەكانی خۆی كەوت! ڕەش وقەیتاندار. پێكەنینی هاتێ!

ئەگەر بە كەوش بێ منیش دەبێ لە گەڵ...

سلاوی كوێخا و گرمەی جوابی تێكڕایی, هەودای خەیاڵەكەی پساند, گرپە وبڵێسەی كوڵووش, لە زاركی سۆبەڕا, بانگی دەهێشتە نێو كوڕ. ئەوانەی تازە دانیشتبوونەوە, دوبارە هەستانەوە.

كاكە فەقێ بۆخۆت دەزانی من بادارم دەنا هێندە بێ عەدەب هەر نیم بە سەری بابت بە جارێكی حەرەكەی لێ بڕیوم.

مامەحاجی ئەتۆ لە جێی بابی منی, بە زاتی خوا ببزووی گلەییت لێ دەكەم.

حاجی هەروا كە پاڵی بە كوڵەكەوە دابوو دەستی درێژكرد و سووتووی سەبیلەكەی ڕۆكردە نێو قووڵكی بەردەمی سۆبە. بە بەری دەست لێوی سەبیلەكەی خاوێن كردەوە و لە بەر پشتێنی نا.

ئەوە میرزا سەعاتێكە خەریكە باسی.

میرزا قسەكەی لە دەم حاجی ئەستاندو كوتی « مامەحاجی خوا عافووت كا! ئەتۆش ئەگەر شتێكت كەوتە بەر زار لە كوڵی نابیتەوە من نەم كوتوە حاسڵی ئەو ساڵ لە هەموو ساڵێك چاتردەبێ, بەڵام دەڵێم بە مەعلومی ئەو ساڵ ئاو پتر دەبێ, ئاخر بە قوربانت بم ئەو هەموو بەفر و بارانە چی لێدێت؟

ئاو زیاد بوون؟ ئاو زیادبوونی چی؟

فەقێ زەردەی هاتێ. كوێخاش خۆی تێكەڵ قسان كرد. ئەگەر خوا پكا ئەو ساڵ ئاو زیاد پكا, ئەو پەڵە شكارتەی منیش بەراو دەبێ. دوو ساڵە بە دێمی دادەچێنم چونكە لە پێشدا فێرە ئاو بووە هیچی لێ پەیدا نابێ. بەراتی كوێخایەتیش بۆ خۆتان دەزانن لە هەشتی مشتێكی نەگەیشتووە.

بەخوا لام وایە باسی نوێژ و ڕۆژوش بێ کوێخا هەر دەیهێنێتەوە سەر پەڵە شکارتەکەی. وەستا تو بۆ قسەیەکی لێ ناکەی؟

تا میرزا لێرەیە من حەددم چیە باسی قسەی زل زل بکەم دوای میرزاش, مامە کوێخا ئەوا تەشریفی هەیە وهەموو ڕۆژێ لە شار سەت قسە و باسی وا دێنێتەوە من وکاکە فەقێ هەر بە عومرمان نەشمان بیستوە! هەر سێکشتان شوکور لە ئەنجومەندان و ئەمڕۆ دەستەڵاتی هەموو لایەك هەر بەدەس ئێوەیە, من بە خۆم و پاچێك و دۆڵچەیەك دەبێ چی بزانم تا بیلێم؟ کاکە فەقێش بە بوخچەیەك کتێبی پەڕ زەردەوە!

وەستای کەرێزکەن سیغار هەڵپێچانەکەشی لە گەڵ قسە کردنەکەی تەواو بوو, قەراغی سیعارەکەی بە لێو تەڕ کرد و بە هێمنی سووڕاندی تا بە قەراغەکەی تریەوە نووسا, دارسیغارەکەی درێژ بوو, زۆری خۆ بۆخوار نەکردەوە بە پۆلووی نێو قوڵکەکە دایگیرساند. حاجی تەمای نەبوو دەس هەڵگرێ.« ئاخر نەمانزانی, میرزاگیان! ئەو موقاوەمەتە لە بەر چی دروس دەکەن؟

میرزا بە سیلەی چاو ڕوانیە فەقێ کە سەری داخستبوو وردە تووتنی لە سەر فەرشەکەی مزگەوت هەڵدەگرتەوە و لە بەردەمی خۆی کۆی دەکردەوە. بەینێکە چەتە زۆر بووە, ئەوە شتێك نیە هەر من بیلێم هەمووتان دەزانن, کەس لە سەر ومالی خۆی ئەمین نیە, هەموو ڕۆژێ پیاوکوشتن,هەموو ڕۆژێ تاڵان کردن, میللەت وا بەڕێ ناچێ دەبێ پێشیان پێ بگیرێت.

وەستا مژێکی خۆشی لە سیغارەکەی دا و ڕووی لە سەپانی ماڵی حاجی کرد. بیستوومە چەتەکان لەو ڕۆژانە تووشی تۆ هاتوون, ڕووتیشیان کردووی و گەلێکیشیان لێداوی؟

میرزا خێسەیەکی لە وەستا کرد, سەپانیش یەك بە خۆی جوابی داوە. من, منیان ڕووت کردبێ؟ خوایە ئەو درۆیانە کێ هەڵیان ئەبەستێ!! برسی و ڕووتی وەك من کێ ڕووتی ئەکا؟ بە سەری ئەو جەماعەتە! بە قەبرێکی ئەو پیرمحەمەدەی تێچووە! لە گوڵ کالٚتریان پێ نەکوتووم. ئەشەدەم بیلا ئەو تووربێنەی ماڵی حاجی بۆیان پڕکردبووم لە نان, ئەوە حاجی بۆخۆشی ئاگای لێیە,بابم حاجی دەزانێ درۆ دەکەم دوو تفم لە ڕوو کە! ئەشەدوبیلا تووربێنەکەم پڕ بوو لە نان خەریك بووم لە قەبرە جوولەکان وەسەر دەکەوتم, ئاوای ئەو دیوبم بە ڕووکاری بەردە سپیدا, جا منیش عادەتێکم لە گەڵە, ئەگەر بە تەنێ بە ڕێدا بڕۆم لە بەر خومەوە وێرە ووێرێك دەکەم, بە خوا وابزانم بەندێکم زیاتر نەکوتبوو لە خاڵە ڕێبوار, کە دیتم کۆڵەوەژێك سەر چەقی ڕێگەی لێگرتووم. لە لوولەپڕا بە ئەسپایی چاوم پێداخشاند تا گەیشتمە پەلەپیتکەی, لە وێرا بۆ قۆنداغەکەی, ڕێویتان زۆر دیوە کە لە بنەبانی کونەکەیدا هیچ کوێی دیار نیە. چاوی نەبێ کە دەڵێی سەرەبزووتە! خودا دەزانێ ئەگەر تفەنگەکەم نەدیبا, دەمکوت ڕێویە! شاردنەوەی بۆچیە؟ پیاو حەق بڵێ تێرتێر ترسام. خاڵە ڕێبوارم لە بیر چووە هیچ, سڵاویشم بۆ نەکرا, ئەوندەم زانی یەکێك لە پشت سەرمەوە کوتی« ڕۆژ باش» لام کردەوە کوڕێکی مێرمنداڵە بوو, تازە خەریك بوو سمێڵی بۆر دەکرد قوڵکێش لە مووی قژی کەوتبوە سەر نێوچاوانی, پێم وایە تازە دەم وچاوی بە سابوون شتبوو, بە جارێك سامم شکا, ئاخر چاوی پڕبوو لە پێکەنین! منیش پێکەنیم! کوڕە هەر زۆر منداڵ بوو. بۆیە نەدەبوو پیاو لێی بترسێ, دەستی لە سەر شانی دانام و کوتی« خاڵە زۆر چاکی دەڵێی, بەڵام هەواکەت زۆر خەمبارە.» کوتم من هەوای بن بزۆکە نازانم! کوتی, ڕاست دەکەی هەوای بن بزۆکە بو کەسێك دەبێ زگی تێربێ. توربێنەکەم لە شانم کردەوە و زارکەکەیم بۆ ئاواڵە کردەوە تا نانەکان ببینێ پاشان پێم کوت, نانم بەشی نۆکوردان پێیە. زگم بۆتێر نابێ؟ پێکەنی و کوتی, کار بە نانەزگی؟ هەر ئەوندەی مژێك لە سیغارێك بدەی دەدوازدە کەس لێمان ورووکان, وەك ڕۆژی مەحشەر هەرکەس لە بن کێلی خۆی سەری هێنا دەرێ! دەوریان دام و لێیان پرسیم, کێم و لە کوێرا دێم و بو کوێ دەچم, ئەمنیش درۆم نەکرد هەرچی دەمزانی پێم کوتن. تووربێنە نانەکەشم لە شانم کردبووە لە بەر پێیانم دانا بوو, کوڕە مێرمنداڵەکە وا چاوی تێ بڕیبوو مژۆڕی لێك نەدەدا, هێندەم پێ جوان بوو! هەر وەکوو کوڕەکەی خۆم دەچوو! کوتم, ناخۆی؟ کوتی, بەتەنێ؟ کوتم نا هەمووتان! کوتی, ئەی بۆ خوت؟ کوتم, دەچمەوە لە ماڵی حاجی نانی دیکە دێنم! کوتی, تۆ چی حاجیت؟ کوتم, سەپانی ماڵی حاجیم. کوتی, ئەگەر وابێ تۆ ملکت وەبەر نەکەوتووە. کوتم, من جارانیش سەپان بووم و ئێستاش هەر سەپانم. کوتی, لە گەڵ ئاغا بەینت چۆنە؟ کوتم, جارانیش خۆشم نەویستوە و ئێستاش خۆشم ناوێ. بە خوا وابزانم یەکی نانێکیان وەبەر کەوت, بەڵام هەر هێندەی بڵێی یەك و دوو ورکەکانی سەر عەرزیشیان هەڵگرتەوە.

چەند ڕۆژ بوو هەوا خۆش بوو, عەرز کزر ببووە جووت هەستا بۆوە, بە تەما بووم بچمە سەر مووچەکەی حاجی, بە زگی برسیش خۆ جووت ناکرێ! هەستام تووربێنەکەم لە شانم قایم کردەوە و پێم کوتن, ئەگەر کارێکتان بە من نیە مەرەخەس دەبم. کوڕە منداڵەکە پێکەنی و ڕووی لە کابرایەکیان کرد و کوتی, هەواڵ! خاڵەی سەپان جەمێکی باشی داینێ, ئەگەر ئیجازە بدەی منیش شتێکی دەدەمێ بە یادگار هەتا هەتایە لە لای بمێنێتەوە.ئەو کابرایەی نێوی هەواڵ بوو وابزانم نانەکەی خواردبوو, تازە زۆری گوێ نەدەبزووت. هەر لە هەوەڵێشەوە نێوچاوانی پڕپڕ بوو لە گنج,

چاویشی سوورسوور بوو پیاو لێی دەتۆقا! بە خوا بۆڵەیەکی کرد من لیی حاڵی نەبووم وابزانم کوتی, کەیفی خۆتە, یا کوتی چ دەکەی بیکە. ئەوەندەی دەزانم کوڕەکە دەستی برد لە نێو فیشەکدانەکەی فیشەکێکی دەرێنا, ماچی کرد ودای بە من, منیش ماچم کرد و لە لۆچی پزووی پاتۆڵەکەم نا.

وەستا سیفارەێکی تازەی بە سەر مۆدنەوە کردبوو, فەقێ دەستی درێژکرد سیغارەکەی لێ وەرگرت, قوربانی دەستت! هەناسەیەکی چاکی هەڵکێشا و پڕ بە سینگی بە لووتیدا دووکەڵی دەردا, لاقێکی راکێشا بۆ بەر سۆبە وچاوی لە چاوی میرزا بڕی. دەنا دەیان کوت تێرتێریان لێداوی و خەریك بوون بتکوژن تا ئەمنیە گەیشتوە ونەجاتی داوە.

ئەمنیە؟ ئەمنیە منی نەجات دابێ؟ خۆ میرزا ئاگای لێیە.

مامە حاجی من دەبێ بڕۆم ئەو کاغەزو نێوانە تەواو کەم بیان نووسم و بە کوێخادا بیان نێرمەوە بۆ شار. میرزا نیم خێزێکی کرد کە هەستێ, حاجی دەستی لە سەر شانی دانا و داینیشاندەوە, خوات لێ رازی بێ تۆش لەو ساوە ماقووڵ بووی قسەو قڕانمان لە گەڵ ناکەی, دانیشە بۆکوێ دەچی! فەقێ چاوێکی لە وەستا داگرت, وەستاش رووی لە میرزا کرد, جەنابی میرزای! ئەتۆ نەت فەرموو ئەمنیە لە دەس چەتانیان نەجات داوە؟ سەپان, ئەی قوڕ بەسەرم بۆ درۆی ئەم خەڵکە! باوکم بە زات وبێ عەیبی خوا هیچ غیلافی تێدا نیە, میرزاش ئاگای لێیە, بابم میرزا ئەگەر درۆم کرد دوو تفم لە روو کە, من تا ئەوڕۆ هێچ کارێکم بە بێ پرس وتەگبیری میرزا نەکردووە. لەو ساڵەوە کە بەدزی کارتیان دەدا و مانگانەیان وەردەگرت. کەس لە بیری نەچۆتەوە هەر دۆێنێ بوو. کارتیان کە داینێ هەمووومان کامڵ بووین, هەر فەقێ منداڵ بوو, سوختە بوو, ئەویش کارتێکی وەرگرتبوو, من لە پێش ئەو زەمانەشدا هەموو پرس وتەگبیرم بە میرزا بووە, ئەم سەفەرەش نەقڵەکەم لە نووك و بەرەوە بۆ گێڕاوە. فەقێ, نەقڵەکەت بو میرزا گێڕاوە؟! مامە حاجی ئەگەر ئیجازە بدەی من دەڕۆم, کارەکانم پەکیان دەکەوێ. دانیشە بە سەری بابت میرزا, تازە مەجلیس گەرم دەبێ.کوێخا, ئەو کارتانە بە دزی دەوڵەت بڵاودەکرانەوە, من وەرم نەگرت شوکور من قەتم کارت ومارت بە دژی دەوڵەت وەرنەگرتووە. وەستا, ئەو دەمیش میرزا پێشەوامان بوو, ئێستاش هەر ئەو پێشەوامانە! میرزا سەری داخستبوو, وەستا بزەی دەهاتێ. کوێخا کەیفی ساز نەبوو سەپان مەحتەل بوو نۆرەی بدەن نەقڵەکەی تەواو کا! فەقێ, من هێندەش منداڵ نەبووم, ئەو کاتی عومرم شازدە ساڵ بوو. هەمووشتێکی ئەو زەمانم چاك لە بیرە. وەستا, لە بیرتە ئەگەر خەڵکەکە گیرا؟ فەقێ, هەر وەدەزانم ئەوڕۆیە! خەڵك گیرابوون, میرزا هاتە ماڵە بابم, کوتی لە خۆم دەترسم, نەبوو ئەو شەوە تۆش لە ماڵی ئێمە بووی! بابم پێی کوت خەمت نەبێ سەت ساڵان لە ماڵی خۆم دەت شارمەوە نایەڵم کەس پێ بزانێ, تۆش کوتت وەرە ماڵە من شەرت بێ تا دەکوژرێم نەت دەمە دەس کەس, بۆ سبەینێ میرزا چووە ماڵی ئاغاو ئیتر نەیان گرت ئاخر ئاغا ئەو کاتە ماقووڵ بوون.

سەپان, تۆش قەدەرێك رۆیشتی دەنا نا؟

فەقێ, ئەی چۆن! دووساڵان! هێندە هەڵسووڕابووم لە بەر دەستی میرزادا و کارتم بڵاو کردبۆوە نێوی منیش هاتبوو, بە بیانووی خوێندنەوە بۆی دەرباز بووم, چوومە مەریوان دووساڵان لە وێ بووم.

وەستا, بەڵام لەوێش دانەمەزرای!

فەقێ, جا خۆ نەچووبووم لە وێ دامەزرێم! بەلای منەوە فەرقێکی نەکردبوو خەڵکەکەی ئەوێشم بە قەت هێنەکانی وڵاتی خۆمان خۆش دەویست,نەیان هێشت لە ناو وانیش بم, ئاوای ئەو دیو بووم.

سەپان, ئەی چۆن بوو هاتیەوە؟

فەقێ, ئاخر خەڵکەکەی ئەوێشم هەر بەقەت خۆوڵاتیەکانم خۆش دەویست, خۆم پێ زەوت نەکرا لە بەر ئەوە لەودیویشان دەرپەڕاندم. کوێخا, دەنا ئەو بەینە کە تۆ ئەم هەموو هەڵبەز هەڵبەزت کردوە و سەرت لە دار و بەرد داوە, من هەر خزمەتی دەوڵەتی خۆم کردوە, زەمانێك دەوڵەت لە گەڵ ئاغا باش بووە منیش چایم بۆ لێناوە,نانم بۆهێناوە و جێم بۆ ڕاخستووە, هەر من نا بە تەنێ, کاکە میرزاش تەشریفی هەبوو لە دیوەخان! کاغەزی دەنووسی, بە خوا قسەی خۆمان بێ زەمانێکی خۆش بوو بۆئێمە! هەموو رۆژێ جارێك دەچوومە شار و دەهاتمەوە, جارێکیش وەبیرم دێ ئاغا کاغەزێکی دامێ بردم بۆ شار باسی تۆی تێدا بوو.

فەقێ, دات بە ئەمنیە؟

کوێخا, ئەدی چۆن! خۆ ئەو کاتە وەك ئێستا نەبوو, ئەم جۆرە کاغەزانە دەدران بە ئەمنیە؟

پەکوو! خۆ ئێوارێ داهات, زۆر درەنگە و کارەکانیشم هیچیان نەکردووە, کوێخا ئەتۆ لە بەر زۆربڵێی بە هیچ کارێکی خۆت راناگەی!

وەستا, خوات لێ رازی بێ میرزا تۆش دەڵێی جیوەت تێکراوە پێت دەڵێین پێشەوا! کردوومانیە رەییسی ئەنجومەن ئێستا ئەوە میرزای موقاومەتیش! ئیدی چت دەوێ؟ پێت عەیبە سەعاتێکمان لە نێو دانیشی کای کۆن بە باکەین!؟

حاجی سەبیلەکەی سەبرسەبر لە ئەژنوێ خۆی دەدا و چاوی بریبووە پۆلووەکانی نێو قووڵکە, بە خوای لە ژوور سەرمانە, کوڕینە پاشی پەنجا ساڵ کوێرەوەری وبرسیەتی و قوڕبەسەری پارچە زەویەکم وەگیر کەوتوە, هەمووشتان دەزانن لە پێشدا سێ قرانی قەڵبی نەدێنا, هەمووم بە چنگ و نینۆکی خۆم دەرێناوە, کە رێزم لێداوە, دارم لێ چەقاندووە, ئەستێرم لێ هەڵبەستوە, کردوومەتە ملکێك هەر شیرینە تەماشای بکەی, ئێستاش هەر کەس بێەوێ لێم بستێنێتەوە, ئەگەر نەتوانم ورگی بدڕم ورگی خۆم پێ بدڕین دەدەم, جا ئیشتیای لێیە کورد بێ, ئیشتیای لێیە عەجەم بێ!

زاری سەبیلەی پڕ کردبوو لە توتن, بە بەری مست خەریك بوو دەی ئاخنیەوە, دوای ئەوە هەر بە دەست پۆلویەکی لە نێو قووڵکە دەرێنا و لە سەر سەبیلەکەی دانا, چەن مژێکی کورت و یەك لە دووی یەك و پاشان مژێکی دوور و درێژی لە سەبیلەکە دا و لە گەڵ ئەم مژەش بە کۆخەیەکی توند تۆپەڵە بەڵغەمێکی لە سینگی هێنا دەرێ, لە سەر نووکی زمانی خڕی کردەوە و بە هەموو هێزێکەوە هاویشتیە ئەودیو مەحەجەریەکانەوە, میرزاش بێ قەزابێ! هەر رۆژێ شتێك دەفەرموێ. تا ئەو کاتێ لە دیوەخان بوو هیچ! پێش ئەوەش بچێتە دیوەخان هەر هیچ! من شەرتم کردووە باسی رابوردو نەکەم. هەر لەم خەڵکە گیرانەی دوایە کە ئێوەش, ماموستا تۆ و کاك فەقێ هەڵاتن و وەگیر نەکەوتن, ئاگام لێ بوو بە دزیش سەپانەکەی من نانی بۆ دێنان, هەر پارەکە رۆژێك میرزا لە ماڵی من بوو باسی ئەم گیران و هەڵات هەڵاتە کرا فەرمووی, لە نێو دەستەیەکی سەد هەزار کەسیدا ئەگەر ئاغایەکی تێدابوو لێی وەدەرکەوە, قەتیش گوێ مەدە ئەم هەرا و بەزمی کورد کوردینە هەمووی فیتی ئاغایانە! کە چی ئێستا دەبێ بچینە ناو موقاوەتەوە, تفەنگ هەڵگرین و شوێن چەتە کەوین, رەئیسی موقاوەمەتیش کێیە! ئاغاکەی خۆمان!؟ فەقێ چاوێکی بە مەجلیسدا خشاند زەردەیەکی تاڵ و قیناوی لە سەر لێو بوو, هەستی بەوەکرد بردوویەتەوە, رووی کردە سەپان, خاڵۆ چەتەکان کوتیان ملك لە رەعیەت دەستێننەوە, دەیدەنەوە بە ئاغا؟

سەپان, چی؟ ملك بستێنەوە؟ ئاغا ئەگەر بیان زانیبایە چەتە ملکیان بۆ دەستێننەوە تفەنگیان وەرنەدەگرت و شاخە و شاخ لە گەڵ ئەمنیە وەدوویان نەدەکەوتن, پاشان هەر خۆشیان و دەس و پێوەندیان بڵاوی کەنەوە کە من چەتە لێیان داوم و ئەمنیە نەجاتی داوم؟ کاکە میرزا بۆ خۆی شایەدە وئاگای لە هەموو شت هەیە, من ئەو رۆژە گەڕامەوە ماڵێ چووم هەموو شتێکم بۆ میرزا گێڕاوە و فیشەکەشم پیشان دا و ئیتر بێ خەبەر چوومەوە ماڵی خۆمان تا سبەینێ, سبەینێش هەوا خۆش بوو بە تەمای جووت کردن بەرەو مووچەی حاجی وەڕێ کەوتم بە خوا یەشتا هۆگانە جووتێکم مابوو بگەمە سەر زەویەکە, هەر ئەوەندەم زانی چوار ئەمنیە پەیدا بوون. میرزاشیان بە زۆر وەپێش خۆیان دابوو, دەستیشیان بەستبوو. بڵێی شتێکیان پرسیبێ یا کەلێن و قوژبنێکیان پشکنیبێ یا من زارشڕیم کردبێ و قسەم لە لای کەسێك کردبێ. بە سەری هەموو لایەکتان بە قورعانێکی لەو مزگەوتە دایە هەر هیچ!راست هاتن و پزووی پاتۆڵەکەم گەڕان و بە بەرچاوی خۆمەوە فیشەکەکەیان دەرێنا, مووچرکێکی سارد بە هەموو لەشمدا گەڕا, چاوم لە ڕەشەوە هات خەریك بووم بکەوم, لە دینی محەمەد بێ بەری بم لەو سەعاتەدا کوڕە مێرمنداڵەکەم هاتەوە بەر چاو, دەم و چاوی خاوێن خاوێن بوو. دەت کوت بە سابوون شتووتە, قولێکیش لە مووی قژە رەشەکەی هاتبوە سەر نێوچاوانی, چاوی پڕ بوو لە پێکەنین! فیشەکێکی تری بۆ راداشتم و کوتی, مەترسە, فیشەکمان زۆرە! لە دینی ئەوە بم درۆ بکا خۆشم دیت کە تووربێنێکم نان بۆ ڕاگرتووە و پێی دەڵێم, مەترسە! نانمان زۆرە!